مانیفێستی ژینا؛ جارنامەی گوتاری سەربەخۆیی و دەوڵەتخوازی کوردستان

لە یادی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی

مانی ڕەحیمی

مانیفێستی ژینا، کە لە گۆڕستانی ئایچی لە سەقز دەرکەوت، تەنیا کۆمەڵێک دروشم نەبوو، بەڵکو جارنامەیەکی شۆڕشگێڕانە بوو کە گوتاری سەربەخۆیی و دەوڵەتخوازی کوردستانی بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بێگەڕانەوە ڕاگەیاند. لە ڕوانگەی فێنۆمێنۆلۆجییەوە (phenomenological perspective)، ئەم مانیفێستە دەرکەوتنی هۆشیارییەکی نوێیە لە ئەزموونی نەتەوەیی کوردستان-دا. ئەم هۆشیارییە نوێیە، کە دەکرێت بە "هۆشیاری سەروەریی‌خوازانە" (sovereigntist consciousness) ناو ببرێت، خۆی لە چەند دروشمی سەرەکیدا بەرجەستە دەکات کە هەر یەکەیان لایەنێکی گرنگی ئەم هۆشیارییە نوێیە دەردەخەن.

لە ڕووی ئاناتۆمی سیاسییەوە (political anatomy)، ئەم مانیفێستە پێکهاتووە لە چەند بەشی سەرەکی کە پێکەوە پەیکەری فکری و ستراتیجی خەباتی نوێی کوردستان پێک دەهێنن. یەکەم بەش، کە دەکرێت بە بەشی "پێناسەکردنەوەی خود" (self-redefinition section) ناو ببرێت، لە دروشمی "ژینا ڕۆڵەی کوردستانە، کوژراوی دەستی تارانە" دا دەردەکەوێت. لێرەدا، کوردستان خۆی وەک خاک و کیانێکی جیاواز لە ئێران پێناسە دەکاتەوە و ژینا وەک نوێنەری ئەم خاک و کیانە دەردەکەوێت. دووهەم بەش، کە دەکرێت بە بەشی "ڕەتکردنەوەی داگیرکەر" (occupier-rejection section) ناو ببرێت، لە دروشمی "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی" دا بەرجەستە دەبێت. لێرەدا، پەیوەندی نێوان کورد و داگیرکەر وەک پەیوەندییەکی دوژمنکارانە و ئاشتینەویستانە پێناسە دەکرێتەوە.

لە ڕوانگەی پاسۆلۆجی کۆمەڵایەتی یان خەسارناسییەوە ( social pathology or harm analysis)، مانیفێستی ژینا هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو "نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و دەروونییە" کە لە ئەنجامی داگیرکاریی و سەرکوتی درێژخایەندا لە کۆمەڵگای کوردستان-دا

سەری هەڵداوە. ئەم نەخۆشییە، کە دەکرێت بە "سیندرۆمی خۆبەکەمزانینی کۆڵۆنیالی" (colonial inferiority syndrome) ناو ببرێت، بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە کۆمەڵگای کوردستان نەتوانێت خۆی وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ و خاوەن خۆدیاریکردن ببینێت. مانیفێستی ژینا، لەم ڕوانگەیەوە، وەک دەرمانێکی شۆکئاسا (shock therapy) کار دەکات کە هەوڵ دەدات کۆمەڵگا لەم دۆخە دەربهێنێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی "تەندروستی نەتەوەیی" (national health).

ئەم مانیفێستە، لە جەوهەری خۆیدا، دەربڕی ڕەتکردنەوەی ڕەتکردنەوەیە (negation of negation)، واتە ڕەتکردنەوەی ئەو دۆخەی کە خۆی ڕەتکردنەوەی سەروەریی کوردستان-ە. لێرەدا، سەروەریی (sovereignty) نەک وەک مافێک، بەڵکو وەک دۆخی سروشتی نەتەوەبوون (natural state of nationhood) پێناسە دەکرێتەوە – دۆخێک کە لە کوردستان لەلایەن داگیرکەرەوە زەوت کراوە و دەبێت زیندوو بکرێتەوە، نەک داوا بکرێت. ئەم تێگەیشتنە لە سەروەریی وەک دۆخی سروشتی، نەک وەک مافێک کە دەبێت لە لایەن داگیرکەرەوە ببەخشرێت، لە فەلسەفەی سیاسی کورد-دا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە. ئەم گۆڕانکارییە، کە دەکرێت بە "وەرچەرخانی ئۆنتۆلۆجی سەروەریی" (ontological turn of sovereignty) ناو ببرێت، بناغەی فکری و فەلسەفی بۆ قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕزگاریدەر دادەمەزرێنێت.

لە ڕوانگەی گوتارناسییەوە (discourse analysis)، دالی ناوەندی (nodal point) یان ماستەر سیگنیفایەرەکانی (master signifiers) ئەم مانیفێستە بە ڕوونی ئاماژە بە گوتاری سەربەخۆیی و دەوڵەتخوازی دەکەن. چەمکەکانی وەک "سەروەریی" (sovereignty)، "دەوڵەت" (state)، "سەربەخۆیی" (independence) و "کیان" (entity) دەبنە ئەو ناوەندانەی کە هەموو واتاکانی دیکە لە دەوریان کۆ دەبنەوە و پێناسە دەکرێنەوە. ئەم گۆڕانکارییە لە گوتاردا، کە دەکرێت بە "شۆڕشی گوتاریی" (discursive revolution) ناو ببرێت، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە شێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کوردستان لە خۆی و لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ داگیرکەردا.

لە هاوبەرپەرچی (dialectic) گەشەسەندنی ڕۆحی نەتەوەیی کوردستان-دا، مانیفێستی ژینا وەک سینتێزێکی مێژوویی (historical synthesis) دەردەکەوێت کە تیایدا ناکۆکییە

ناوەکییەکانی خەباتی نەتەوەیی بەرەو چارەسەرییەکی ڕادیکاڵ هەنگاو دەنێن. لێرەدا، تێزی سەرەکی بریتییە لە خەباتی نەتەوەیی کوردستان بۆ نەتەوەسازیی، ئەنتی-تێز بریتییە لە داگیرکاریی، سەرکوت و ڕەتکردنەوەی ئەم ڕەوتە لە لایەن داگیرکەرەوە. سی‌نتێز (کە مانیفێستی ژینا دەریدەبڕێت) بریتییە لە تێگەیشتنێکی نوێ لە خەبات کە تیایدا چیتر باس لە ماف ناکرێت، بەڵکو باس لە سەروەریی وەک دۆخ و دەوڵەت وەک ئامرازی سەروەریی دەکرێت.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو تێزانەی لە سەرەوە خرانە ڕوو، زۆر گرنگە بە وردی و بە درێژی هەر یەک لە بەشە سەرەکییەکانی ئەم مانیفێستە شی بکەینەوە.

١. تێپەڕین لە "بۆخۆبوون" بۆ "لەخۆ و بۆخۆبوون"

مانیفێستی ژینا نیشانەی گواستنەوەیەکی هاوبەرپەرچییە لە دۆخی "بۆخۆبوون" (being-for-itself) بۆ دۆخی "لەخۆ و بۆخۆبوون" (being-in-and-for-itself). لە ڕوانگەی فینۆمێنۆلۆجییەوە، ئەم گواستنەوەیە دەربڕی گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە شێوازی ئەزموونکردنی جیهان و خود لەلایەن کورد-ەوە. لە دۆخی "بۆخۆبوون"دا، کوردستان تەنیا خۆی وەک داگیرکراو دەناسی، بەڵام توانای گۆڕینی ئەم دۆخەی نەبوو. ئەم دۆخە، کە دەکرێت بە "دۆخی قوربانیبوون" (victim state) ناو ببرێت، نیشانەی نائاگایی بوو لە توانا و ماتەوزەی (پۆتێنشیاڵی) خۆ بۆ گۆڕینی کەتوار (reality). بەڵام لە دۆخی "لەخۆ و بۆخۆبوون"دا، کوردستان نەک تەنیا خۆی دەناسێت، بەڵکو خۆی وەک بکەری سەربەخۆی مێژوو (independent historical actor) دەسەلمێنێت و دەست دەکات بە گۆڕینی کەتواری خۆی.

دروشمی "ئێمە بۆ پرسە نەهاتووین، بۆ تۆڵەی ژینا هاتووین" دەربڕی ئەم گواستنەوەیە لە خۆناسینەوە بۆ خۆبەدیهێنانە. لێرەدا، کورد خۆی لە دۆخی قوربانی بوون دەردەهێنێت و دەبێتە بکەرێکی چالاک (active agent) کە ئامادەیە گۆڕانکاری لە واقیعی خۆیدا دروست بکات. ئەم گۆڕانکارییە لە هۆشیاریدا (consciousness shift)، بناغەی سەرەکی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەیە کە لە دواییدا لە کردار و ستراتیجی خەباتدا ڕوو دەدەن. کاتێک نەتەوەیەک لەم قۆناغە لە خۆئاگایی دەگات، چیتر ناتوانرێت بە هیچ شێوەیەک کۆنترۆڵ بکرێت یان لە ئامانجە سەرەکییەکەی، کە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە، دوور بخرێتەوە.

٢. ڕەتکردنەوەی ڕادیکاڵی مافخوازی و جەختکردنەوە لەسەر دەوڵەتخوازی

مانیفێستی ژینا بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بێ گەڕانەوە مافخوازی ڕەت دەکاتەوە و جەخت لەسەر دەوڵەتخوازی دەکاتەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیە تەنیا گۆڕینی تاکتیک نییە، بەڵکو گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە تێگەیشتنی چەمکی سەروەریی لە فەلسەفەی سیاسی کوردستان-دا. سەروەریی وەک دۆخی سروشتی نەتەوەبوون دەردەکەوێت، نەک وەک مافێک کە دەبێت داوا بکرێت.

ئەم مانیفێستە تێگەیشتنێکی نوێ و ڕادیکاڵ پێشکەش دەکات کە تێیدا سەروەریی، ئازادی، ئاسایش و بەرژەوەندی تەنیا لە ڕێگەی دەوڵەت و یاسای کوردستان-ەوە دەتوانن بەرجەستە بن، نەک لە ڕێگەی سیاسەتی مافخوازانە لە چوارچێوەی پێکەوەژیان لەگەڵ داگیرکەردا. ئەم تێگەیشتنە نوێیە، کە دەکرێت بە "تیۆری دەوڵەتخوازی کوردستانیی" (theory of Kurditani state-willingness) ناو ببرێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بوونی دەوڵەتی سەربەخۆ پێشمەرجی هەر جۆرە سەروەرییەکە. بە واتایەکی دیکە، بەبێ دەوڵەتی سەربەخۆ، هیچ سەروەرییەک بوونی نییە و ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت.

دروشمی "کورد تا دەوڵەتی نەبێ، هەر ئەمە بەشی دەبێ" دەربڕی ئەم تێگەیشتنە نوێیەیە. ئەم دروشمە، کە دەکرێت وەک مانیفێستی دەوڵەتخوازیی کوردستانیی سەیر بکرێت، ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ جۆرە مافخوازییەک لە چوارچێوەی دەوڵەتی داگیرکەردا ناتوانێت کێشەی بنەڕەتی کوردستان چارەسەر بکات. دەوڵەت نەک تەنیا وەک ئامانج، بەڵکوو وەک تاکە ڕێگەی بەرجەستەکردن و سەپاندنی سەروەریی دەبینرێت. ئەمەش گۆڕانێکی پارادایمییە (paradigmatic shift) لە بیرکردنەوەی سیاسی کوردستان-دا، کە تێیدا چیتر چاوەڕێی بەخشینی ماف لە لایەن داگیرکەرەوە ناکرێت، بەڵکو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ دەبێتە تاکە ڕێگەی بەدیهێنانی سەروەریی.

٣. یەکگرتنەوەی هاوبەرپەرچی نێوان خاک و نەتەوە

لە مانیفێستی ژینا-دا، خاک و نەتەوە، کە پێشتر وەک دوو چەمکی جیاواز دەردەکەوتن، ئێستا لە چوارچێوەی چەمکی "کیان"دا یەک دەگرنەوە. ئەم یەکگرتنەوەیە، کە دەکرێت بە "تیۆری کیانخوازی کوردستانیی" (theory of Kurdistani entity-willingness) ناو ببرێت،

جەخت لەسەر پەیوەندی ئۆرگانیکی نێوان خاک و نەتەوە دەکاتەوە. لێرەدا، خاکی کوردستان نەک تەنیا وەک جوگرافیا، بەڵکوو وەک بەستێنی سەرەکی گەشەسەندنی ڕۆحی نەتەوەیی (developmental ground of national spirit) دەبینرێت. ئەم تێگەیشتنە نوێیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بوونی نەتەوەیی کوردستان بەبێ خاکی کوردستان مانایەکی نییە.

دروشمی "کوردستان، کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان" دەربڕی ئەم یەکگرتنەوە هاوبەرپەرچییەیە. ئەم دروشمە، کە دەکرێت وەک دوائاگادارکردنەوەیەک (ultimatum) بۆ داگیرکەران سەیر بکرێت، دوو پەیامی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: یەکەم، جەختکردنەوە لەسەر یەکپارچەیی خاکی کوردستان وەک هێمای خاکگەرایی (territorialism) لە هزری نەتەوەیی پشت ئەم مانیفێستە؛ دووهەم، ئامادەیی بۆ قوربانیدان لە پێناو زیندووکردنەوەی سەروەریی و پاراستنی ئەم خاکە واتا سەروەربوون (sovereignty) هەر لە هەمان دەزگای هزریدا. لێرەدا، خاکی کوردستان نەک تەنیا وەک جوگرافیایەک، بەڵکوو وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەبینرێت. ئەم تێگەیشتنە نوێیە لە پەیوەندی نێوان خاک و نەتەوە، بناغەیەکی بەهێز بۆ خەباتی ڕزگاریدەری دادەمەزرێنێت کە تیایدا پاراستنی خاک و بەدیهێنانی سەروەریی نەتەوەیی دوو ڕووی یەک دراون.

٤. ڕەتکردنەوەی تەواوی پەیوەندی لەگەڵ داگیرکەر

مانیفێستی ژینا بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بێگەڕانەوە، هەر جۆرە پەیوەندییەکی پێشووی نێوان کورد و داگیرکەر ڕەت دەکاتەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیە لە چەندین ڕەهەندەوە خۆی دەردەخات: یەکەم، لە گۆڕینی زمانی سیاسیدا، کە تیایدا وشەی "داگیرکەر" جێگەی هەموو ناوە نەرمترەکانی پێشوو دەگرێتەوە. دووەم، لە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێوان کورد و داگیرکەر وەک پەیوەندییەکی دوژمنکارانە و ئاشتینەویستانە. سێیەم، لە دانانی داگیرکەر وەک "قاتڵ"، کە ئەمە هەر جۆرە ئەگەرێک بۆ پێکەوەژیان یان ڕێککەوتن لەناو دەبات. چوارەم، لە بەکارهێنانی وشەی "ژینامان" کە جەخت لەسەر یەکێتی و یەکپارچەیی نەتەوەیی کورد و کوردستان دەکاتەوە لە بەرامبەر داگیرکەردا. پێنجەم، لە دروستکردنی دووانەیەکی دژ بە یەک لە نێوان "ئێمە" (کورد، کوردستانی) و "ئەوان" (داگیرکەر) کە هەر جۆرە پردێکی پەیوەندی نێوانیان دەڕووخێنێت. دروشمی "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی" کورتکراوەی ئەم ڕەتکردنەوە

تەواوەیە و بە شێوەیەکی کاریگەر و شۆکهێنەر، کۆتایی بە هەر جۆرە وەهمێکی پێکەوەژیان یان چاکسازی لە چوارچێوەی سیستەمی داگیرکەردا دێنێت.

ئەم ڕەتکردنەوە ڕادیکاڵە بناغەیەکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان کورد و داگیرکەر دادەمەزرێنێت. لێرەدا، چیتر باس لە دیالۆگ، دانوستان، یان چاکسازی ناکرێت. لە جێی ئەوە، پەیوەندییەکە دەبێتە پەیوەندی نێوان دوو هێزی دژ بە یەک کە تەنیا یەکێکیان دەتوانێت بمێنێتەوە. ئەم تێگەیشتنە نوێیە، کە دەکرێت بە "تیۆری ناسازانی نەتەوەیی" (theory of national incompatibility) ناو ببرێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تەنیا ڕێگەی ڕزگاربوون لە داگیرکەر، ڕووبەڕووبوونەوەی تەواوە لەگەڵی دا.

٥. گۆڕانی هاوبەرپەرچی لە تێگەیشتنی شەڕ

لە مانیفێستی ژینا-دا، شەڕ چیتر تەنیا وەک کردەیەکی نەرێنی نابینرێت، بەڵکو وەک پرۆسەیەکی ئەرێنی خۆبەدیهێنانی نەتەوەیی دەردەکەوێت. لێرەدا، شەڕ و ئاشتی، وێرانکردن و بنیاتنان، وەک دوو ڕووی یەک دراو دەبینرێن. دروشمی "ئێمە کوردین دەمێنین، تۆڵەی ژینا دەسێنین" دەربڕی ئەم تێگەیشتنە نوێیەیە لە شەڕ. کوردستان لە مانیفێستی ژینا-دا جاڕی شەڕی دا لە دژی داگیرکەر. ئەم گۆڕانە لە تێگەیشتنی شەڕدا، دەکرێت بە "تیۆری شەڕی ڕزگاریدەر" (theory of liberating warfare) ناو ببرێت، کە چەند خاڵی گرنگ لەخۆ دەگرێت:

أ) شەڕ وەک پرۆسەی خۆبەدیهێنان (war as a process of self-realization): لێرەدا، شەڕ تەنیا وەک وێرانکاری نابینرێت، بەڵکوو وەک پرۆسەیەک دەبینرێت کە تێیدا نەتەوە خۆی دەدۆزێتەوە و دەسەلمێنێت. لە ڕوانگەی فێنۆمێنۆلۆجییەوە، ئەمە گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە شێوازی ئەزموونکردنی شەڕ لەلایەن نەتەوەی کوردەوە.

ب) شەڕ وەک پێویستییەکی مێژوویی (war as a historical necessity): شەڕ چیتر وەک هەڵبژاردەیەک نابینرێت، بەڵکوو وەک تەنیا ڕێگەی بەدیهێنانی سەروەریی، سەربەخۆیی و ئینجا ئازادی دەردەکەوێت. ئەمە نیشانەی گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە تێگەیشتنی کورد لە پرۆسەی مێژوویی و ڕۆڵی خۆی لەم پرۆسەیەدا.

ج) شەڕ وەک ئەرکی نەتەوەیی (war as a national duty): بەشداری لە شەڕدا دەبێتە ئەرکێکی نەتەوەیی کە هەموو تاکێکی کورد دەبێت پێی هەستێت. ئەمە گۆڕانێکی گرنگە لە

پەیوەندی نێوان تاک و نەتەوە، کە تێیدا بەرژەوەندی نەتەوەیی لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی تاکەکەسییەوە دادەنرێت.

ئەوە نێواخنی گوتاری ئەم ناوەڕۆکەیە کە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان ڕوو بە نێوخۆی دەکات بە شۆڕشی مەعریفی، پارادایمیی و گوتاری و ڕوو بە دەرەوە و لێرەدا داگیرکەر دەکات بە شەڕ بە واتای شەڕی جەماوەریی سەر شەقامەکان بە دەستی بەتاڵەوە لەدژی داگیرکەرێکی پۆشتەیی لەشکەری کە لێردا چەکی کورد گوتار و هێزی جەماوەرییە.

٦. دەرکەوتنی نەوەی نوێ وەک بەرهەمهێنەری مێژوو

مانیفێستی ژینا دەربڕی گەیشتنی ڕۆحی نەتەوەیی کوردستان-ە بە قۆناغێکی نوێ لە خۆئاگایی. لێرەدا، نەوەی نوێی کوردستان نەک تەنیا وەک بەرهەمی مێژوو، بەڵکوو وەک بەرهەمهێنەری مێژوو (producer of history) دەردەکەوێت. ئەم نەوەیە، کە خۆی لە ڕاپەڕینەکاندا بەرجەستە کرد، دەبێتە نوێنەری ئەو ڕۆحە نەتەوەییەی کە لە مانیفێستی ژینا-دا دەردەبڕدرێت. لە "شۆڕشی ژینا"دا نەوەی نوێ لە فۆرمێکی زۆر جیاواز لە هەمیشە دەر دەکەوێت و دێتە مەیدان. ئەم دەرکەوتنەی نەوەی نوێ چەند خاڵی گرنگ لەخۆ دەگرێت:

ئا) پچڕانی نەوەیی (generational rupture): نەوەی نوێ خۆی لە میراتی سازشکاری و شکستی نەوەکانی پێشوو دادەبڕێت و خۆی وەک دەستپێکێکی نوێ پێناسە دەکات. ئەمە دەربڕی گۆڕانێکی قووڵە لە تێگەیشتنی کورد لە مێژوو و پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕابردوودا.

ب) ڕادیکاڵیزم (radicalism): نەوەی نوێ ئامادەیی خۆی بۆ شێوازی خەباتی ڕادیکاڵتر و بوێرانەتر دەردەبڕێت. ئەمە نیشانەی گۆڕانێکی گرنگە لە ستراتیجی خەبات و شێوازی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەردا.

پ) خۆباوەڕی (self-confidence): نەوەی نوێ باوەڕی تەواوی بە توانای خۆی بۆ گۆڕینی واقیع و بەدیهێنانی سەروەریی هەیە. ئەم خۆباوەڕییە، کە دەکرێت بە "خۆباوەڕی شۆڕشگێڕانە" (revolutionary self-confidence) ناو ببرێت، بناغەی سەرەکی هەموو ئەو کردارانەیە کە لە شۆڕشی ژینا-دا ڕوویاندا و لە داهاتوودا ڕوو دەدەن.

ت) پێشەنگایەتی ژن (women's vanguardism): نەوەی نوێ ڕۆڵی سەرەکی ژنان لە خەباتی نەتەوەییدا دەسەلمێنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یەکگرتوویی نەتەوەیی و

بەرزکردنەوەی توانای خۆڕاگری نەتەوە لە بەرامبەر داگیرکەردا. لێرەدا، پێشەنگایەتی ژنان وەک هێزێکی یەکخەر و بزوێنەری شۆڕش دەردەکەوێت.

چ) ڕەتکردنەوەی پەرتەوازەیی (rejection of fragmentation): نەوەی نوێ هەوڵ دەدات سنووری حیزب و گرووپە جیاوازەکان تێپەڕێنێت و یەکگرتووییەکی نەتەوەیی فراوان دروست بکات. ئەم ڕەتکردنەوەیە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو دروستکردنی بەرەیەکی نیشتیمانی یەکگرتوو کە توانای بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەری هەبێت.

ح) داهێنانی شێوازی نوێی خەبات (innovation in resistance methods): نەوەی نوێ شێوازی نوێی خەبات داهێنان دەکات کە لەگەڵ سروشتی داگیرکاری هاوچەرخدا دەگونجێت. ئەم داهێنانانە توانای خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەیی بەرز دەکەنەوە و کاریگەری شێوازە کۆنەکانی سەرکوتی داگیرکەر کەم دەکەنەوە.

خ) بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان تاک و نەتەوە (strengthening individual-nation bond): نەوەی نوێ جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی تاک لە بەرامبەر نەتەوەدا دەکاتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەستی نیشتیمانپەروەری و ئامادەیی بۆ قوربانیدان لە پێناو سەروەری نەتەوەییدا.

لە شۆڕشی ژینادا، دیاردەی پێشکەشکردنی شەهید لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە بە نیشتیمان، دەرخەری گەیشتنی هۆشیاری نەتەوەیی کوردە بە ئاستێکی باڵا و بێوێنە. ئەم کردارە سیمبۆلیکە، کە دەکرێت بە "پێشکەشکردنی شەهید" ناو ببرێت، لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی چەندین لایەنی قووڵی فەلسەفی و سیاسی دەکات، لەوانە:

١. یەکگرتنی تاک و کۆ: ئەم کردارە نیشانەی تێپەڕاندنی دووانەی کلاسیکی تاک/کۆیە لە فەلسەفەی سیاسیدا. لێرەدا، تاک (شەهید) و کۆ (نەتەوە) لە یەک بۆتەدا دەتوێنەوە و دەبنە یەک. ئەمە بەرجەستەکردنێکی کردەییە بۆ چەمکی "خودی کۆیی"یە (collective self).

٢. بەرزترین ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی: ئەم کردارە نیشانەی گەیشتنی هۆشیاری نەتەوەیی کوردە بە ئاستی "لەخۆ و بۆخۆبوون" (being-in-and-for-itself). لێرەدا، تاک و بنەماڵە نەک تەنها خۆیان وەک بەشێک لە نەتەوە دەناسن، بەڵکوو ئامادەن قورسترین قوربانی بۆ بدەن.

٣. زیندووکردنەوەی چەمکی "نیشتیمان وەک دایک": لەم کردارەدا، نیشتیمان وەک دایکێک دەردەکەوێت کە ڕۆڵەکانی (شەهیدەکان) دەگەڕێنەوە باوەشی. ئەمە بەرجەستەکردنێکی سیمبۆلیکە بۆ پەیوەندی ئۆرگانیکی نێوان تاک و نیشتیمان.

٤. تێپەڕاندنی مەرگ: لەم کردارەدا، مەرگی فیزیکی تاک دەبێتە سەرەتای ژیانێکی نوێ لە یادەوەری کۆیی نەتەوەدا. ئەمە پەیوەندی بە چەمکی "نەمریی" لە فەلسەفەی سیاسی و ئاییینیدا هەیە.

٥. بەرهەمهێنانی واتای نوێ: ئەم کردارە تەنها ڕێورەسمێکی ماتەمینی نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی واتای نوێ. لێرەدا، مەرگی تاک دەبێتە سەرچاوەی هێز و ئیلهام بۆ بەردەوامی خەبات.

٦. دروستکردنی ناسنامەی نوێی نەتەوەیی: لە ڕێگەی ئەم کردارەوە، ناسنامەیەکی نوێی نەتەوەیی دروست دەبێت کە تێیدا فیداکاری دەبنە بەها سەرەکییەکان.

٧. دەربڕینی ئیرادەی نەتەوەیی: ئەم کردارە دەربڕینێکی بەهێزە بۆ ئیرادەی نەتەوەیی کورد بۆ بەردەوامبوون لە خەبات سەرەڕای هەموو قوربانییەک.

ئەم دیاردەیە، کە یەکێک بوو لە دەرکەوتە هەرە گرنگەکانی مانیفێستی ژینا، نیشانەی گەیشتنی گوتاری نەتەوەیی کوردە بە ئاستێکی نوێ لە پێگەیشتن و قووڵبوونەوە. لێرەدا، گوتاری نەتەوەیی لە ئاستی تیۆرییەوە دەگوازرێتەوە بۆ کرداری ڕۆژانە و دەبێتە بەشێک لە ژیانی هەر تاکێکی کورد. ئەمە نیشانەی سەرکەوتنی مانیفێستی ژینا-یە لە گۆڕینی هۆشیاری تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستان.

بەرەنگاربوونەوەی هەوڵی ناسنامەگۆڕین لە شۆڕشی ژینا-دا، دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە کە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی قووڵ هەیە:

١. هاوبەرپەرچی ناسنامە و دژە-ناسنامە: هەوڵی بەرەی دژە نەتەوەیی بۆ سەپاندنی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و گۆڕینی شۆڕشی ژینا بۆ "نارەزایەتی ئێرانی"، نموونەیەکی بەرجەستەیە لە هاوبەرپەرچی نێوان ناسنامەی کوردستانی و دژە-ناسنامەی ئێرانی. ئەم ململ انێیە لە ئاستی گوتاردا، دەربڕی ملمانێی قووڵتری نێوان دوو ڕوانگەی جیاواز بۆ مێژوو و داهاتووە.

٢. هێرمۆنۆتیکی شۆڕش: لێرەدا، دوو خوێندنەوەی جیاواز بۆ ڕووداوەکان دەبینین. لایەنی کوردستانی هەوڵی دەدا ڕووداوەکان لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەییدا شی بکاتەوە، لە کاتێکدا

لایەنی بەرامبەر هەوڵی دەدا هەمان ڕووداو وەک "نارەزایەتییەکی ناوخۆیی ئێرانی" لێک بداتەوە. ئەمە نیشانەی گرنگی هێرمۆنۆتیک (لێکدانەوە) لە پرۆسەی نەتەوەسازیدایە.

٣. پارادۆکسی جیهانگیریی و ناسنامەی نەتەوەیی: هەوڵی بەکارهێنانی میدیای ئێرانی و جیهانی بۆ سەپاندنی ناسنامەیەکی دیاریکراو، نیشانەی ئەو پارادۆکسەیە کە نەتەوە بندەستەکان لە سەردەمی جیهانگیریدا ڕووبەڕووی دەبنەوە. لێرەدا، تەکنەلۆجیای پەیوەندی هەم وەک هەڕەشە هەم وەک دەرفەت بۆ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانیی دەردەکەوێت.

٤. ڕۆڵی هۆشیاری نەتەوەیی لە پرۆسەی نەتەوەسازیىدا: هۆشیاری و وریایی سیاسی نەوەی نوێ لە بەرامبەر هەوڵەکانی شێواندنی ناسنامەی شۆڕش، نیشانەی ئاستێکی بەرزی هۆشیاری نەتەوەییە. ئەمە پەیوەندی بە تیۆرییەکانی فرانتز فانۆنەوە هەیە سەبارەت بە گرنگی هۆشیاری نەتەوەیی لە خەباتی دژە-کۆڵۆنیالیدا.

٥. هاوبەرپەرچی تایبەتمەندی و گشتێتی: هەوڵی پاراستنی تایبەتمەندی شۆڕشی ژینا وەک شۆڕشێکی کوردستانیی، لە بەرامبەر هەوڵەکان بۆ گشتاندنی وەک ڕاپەڕینێکی ئێرانی، نموونەیەکە لە هاوبەرپەرچی نێوان تایبەتمەندی و گشتێتی لە پرۆسەی مێژووییدا.

ئەمە یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی شۆڕشی ژینا، نیشانەی ئاڵۆزی و قووڵی پرۆسەی نەتەوەسازی لە سەردەمی هاوچەرخدا. لێرەدا، خەباتی نەتەوەیی تەنها لە مەیدانی سیاسی و سەربازیدا بەڕێوە ناچێت، بەڵکوو مەیدانی هزر و گوتاری، و هەروەها میدیا، کلتوور و ناسنامەش دەگرێتەوە. ئەم خەباتە فرەڕەهەندە نیشانەی گەیشتنی بزاوتی نەتەوەیی کوردستانە بە قۆناغێکی نوێ لە پێگەیشتن و قووڵبوونەوەی نەتەوەیی.

ئەنجام

مانیفێستی ژینا، وەک جاڕنامەی گوتاری سەربەخۆیی و دەوڵەتخوازی کوردستان، نیشاندەری وەرچەرخانێکی مێژوویی و پارادایمییە لە بیری نەتەوەیی کورد-دا. ئەم مانیفێستە، لە جەوهەری خۆیدا، دەربڕی ڕەتکردنەوەی ڕەتکردنەوەیە، واتە ڕەتکردنەوەی ئەو دۆخەی کە خۆی ڕەتکردنەوەی سەروەریی کوردستان-ە. لێرەدا، سەروەری نەک وەک مافێک، بەڵکوو وەک دۆخی سروشتی نەتەوەبوون پێناسە دەکرێتەوە – دۆخێک کە لە کوردستان لەلایەن داگیرکەرەوە

گۆڕاو و زەوت کراوە و دەبێت زیندوو بکرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە نوێیە لە سەروەریی، کە دەکرێت بە "وەرچەرخانی ئۆنتۆلۆجی سەروەریی" ناو ببرێت، بناغەی فکری و فەلسەفی بۆ قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕزگاریدەر دادەمەزرێنێت. لە ڕوانگەی هاوبەرپەرچی گەشەسەندنی ڕۆحی نەتەوەییەوە، مانیفێستی ژینا وەک سیانتێزێکی مێژوویی دەردەکەوێت کە تیایدا ناکۆکییە ناوەکییەکانی خەباتی نەتەوەیی بەرەو چارەسەرییەکی ڕادیکاڵ هەنگاو دەنێن. ئەم مانیفێستە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە گوتار و ستراتیجی خەباتی نەتەوەیی کورد-دا بەرجەستە دەکات، لەوانە: تێپەڕین لە دۆخی "بۆخۆبوون" بۆ "لەخۆ و بۆخۆبوون"، ڕەتکردنەوەی ڕادیکاڵی مافخوازی و جەختکردنەوە لەسەر دەوڵەتخوازی، یەکگرتنەوەی هاوبەرپەرچی نێوان خاک و نەتەوە، و گۆڕانی هاوبەرپەرچی لە تێگەیشتنی شەڕ.

لە ڕوانگەی فێنۆمێنۆلۆجییەوە، مانیفێستی ژینا دەرکەوتنی هۆشیارییەکی نوێیە لە ئەزموونی نەتەوەیی کورد-دا، کە دەکرێت بە "هۆشیاری سەروەریخوازانە" ناو ببرێت. ئەم هۆشیارییە نوێیە لە چەندین دیاردەی گرنگدا خۆی دەردەخات، لەوانە کرداری پێشکەشکردنی شەهید بە نیشتیمان لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە. ئەم کردارە، کە دەکرێت بە "پێشکەشکردنی شەهید" ناو ببرێت، لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی چەندین لایەنی قووڵی فەلسەفی و سیاسی دەکات، لەوانە: یەکگرتنی تاک و کۆ، بەرزترین ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی، زیندووکردنەوەی چەمکی "نیشتیمان وەک دایک"، تێپەڕاندنی مەرگ، بەرهەمهێنانی واتای نوێ، دروستکردنی ناسنامەی نوێی نەتەوەیی و دەربڕینی ئیرادەی نەتەوەیی. هەروەها، مانیفێستی ژینا دەربڕی بەرەنگاربوونەوەی هەوڵی ناسنامەگۆڕینە لە شۆڕشی ژینا-دا، کە لە ڕێگەی هاوبەرپەرچی ناسنامە و دژە-ناسنامە، هێرمۆنۆتیکی شۆڕش، و بەرەنگاربوونەوەی پارادۆکسی جیهانگیری و ناسنامەی نەتەوەیی بەرجەستە دەبێت. لێرەدا، ڕۆڵی زمان لە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات و گرنگی هۆشیاری نەتەوەیی لە پرۆسەی نەتەوەسازیی‌دا دەردەکەوێت.

لە کۆتاییدا، مانیفێستی ژینا بناغەی فکری و فەلسەفی بۆ قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕزگاریدەر دادەمەزرێنێت، قۆناغێک کە تیایدا کورد خۆی وەک بکەری سەرەکی مێژووی خۆی دەبینێت و ئامادەیە هەموو نرخێک بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی بدات. لە ڕوانگەی گوتارناسییەوە، دالی ناوەندی یان ماستەر سیگنیفایەرەکانی ئەم مانیفێستە بە ڕوونی ئاماژە بە گوتاری سەربەخۆیی و دەوڵەتخوازی دەکەن. چەمکەکانی وەک "سەروەریی"، "دەوڵەت"، "سەربەخۆیی" و "کیان" دەبنە ئەو کۆڵەکانەی کە هەموو واتاکانی دیکە لە دەوریان

کۆ دەبنەوە و پێناسە دەکرێنەوە. ئەم گۆڕانکارییە لە گوتاردا، کە دەکرێت بە "شۆڕشی گوتاری" ناو ببرێت، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە شێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کوردستان لە خۆی و لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ داگیرکەردا. بەم شێوەیە، مانیفێستی ژینا دەبێتە هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان ڕابردوو و داهاتووی خەباتی نەتەوەیی کورد-دا و دەنگی نەتەوەیەکە کە چیتر قایل نابێت بە کەمتر لە سەربەخۆیی تەواو. ئەم مانیفێستە، لە کۆتاییدا، بەڵگەنامەیەکی مێژووییە کە تیایدا گوتاری سەربەخۆیی و دەوڵەتخوازی کوردستان بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بێگەڕانەوە ڕادەگەیەنرێت.